دکتور سالح ئیبراهیمی



ژیانی ئەم دنیایە بێجگە لە سەرگەرمی و کایە و گەپ و یاری شتێ‌تر نییە، بەڕاستی خانووی ئاخیرەت جێی ژیانە، ئەگەر بیانزانیبا ﴿٦٤﴾ جا کاتێ کە سواری کەشتی و گەمییەک بوون، خوا بانگ دەکەن لە کاتێکدا دینی خۆیان بۆ ئەو پاک کردووە، جا کاتێ ئەوانی بردە بەژ و ویشکایی و ڕزگاری کردن هێمان هاوبەش بۆ خوا دادەنێن ﴿٦٥﴾ با ئەو نیشانانەی کە بەوانمان داوە حاشا و ئینکاری بکەن و لەژیان لەزەت ببەن و ڕاببوێرن، جا لە پاشان دەزانن ﴿٦٦﴾ ئایا نەیانزانیوە مەککەمان کردۆتە جێگایەکی هێمن و ئەمن، لە حاڵێکدا لە دەوروبەری ئەوێ (لە دەرەوەی مەککە) خەڵک دەڕفێندرێ، ئایا دیسان بڕوا بە بووچ دێنن و نیعمەتی خوا ئینکار دەکەن؟ ﴿٦٧﴾ چ‌کەسێ لەوە ستەمکارترە کە درۆ بە دەم خواوە هەڵدەبەستێ یا کاتێ هەقی بۆ هات بە درۆی دائەنێ؟ ئایا جێگای خوانەناسان جەهەندەم نییە (و نابێ بخرێنە دۆژەهـ) ﴿٦٨﴾ کەسانێ کە لە ڕێگای ڕەزای خوا خەباتیان کردووە، بەڕاستی خۆمان ڕێنوێنییان دەکەین، خوا لەگەڵ چاکانە ﴿٦٩﴾

## سوورەی ڕۆم ٦٠ ئایەتە

**سوورەی ڕۆم لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٦٠ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن

ئەلف – لام – میم ﴿١﴾ ڕۆمییان تێشکان (ئیشارە بە تێشکانی ڕۆمیان بە دەس ئێرانیان لە ساڵەکانی ٦١٣ و ٦١٤ زایینیدا) ﴿٢﴾ (ئەم تێشکانە) لە نێزیکترینی کەوشەنی ئەم سەرزەوییە (سووریە و فەلەستین ڕووی داوە) و دوای ئەم ژێرکەوتنەیان بە زوویی جارێکی دیکە سەر دەکەون ﴿٣﴾ لە ماوەی چەند ساڵ، (کەمتر لە دەساڵ) پێش ئەو تێشکانە و لە دوایەشدا هەموو کار کاری خودایە لەو ڕۆژەدا بڕواداران خۆشحاڵ دەبن ﴿٤﴾ بە هۆی یارمەتی بە یاریدە لە خوداوە، هەرکەس کە خوا بیەوێ یارمەتی ئەدا، هەر ئەویشە فرە بەدەسەڵات و دڵاوێن ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەمە شتێکە خوا بەڵێنی داوە، لێی پەشیمان نابێتەوە، بەڵام زۆربەی خەڵک نازانن ﴿۶﴾ ئەوانە تەنیا ڕواڵەتێ لە ژیانی دنیا دەزانن و هیچ ئاگایشیان لە پاشەڕۆژەکە نییە - (لەساڵی ۶۱۴ زایینی تا ۶۲۸ بۆ ماوەی ۱۴ ساڵ جەنگی ئێران و ڕۆمی شەرقی دەوامی بووە، لە ۶۱۶ شەهربەراز و شاهینی ئێرانی بۆ ڕۆمی شەرقی هێرشیان برد و بەردەسیان کرد، بەڵام هێرقلی ڕۆمی دوای خۆگرتنەوە لە ۶۲۲ هێرشی هێنایە سەر ئێران و لە ساڵی ۶۲۸ خوسرەو پەرۆیزی کوردی ساسانی شکاند و خەڵک خوسرەو پەرویزیان لابرد و شیرۆیەیان لەجیێ دانا و پێغەمبەریش لە ۵۷۱ی زایینی لە دایک بووە و لە ۶۰۱ بۆتە پێغەمبەر) ﴿۷﴾ ئایا ئەوانە لە دڵی خۆیاندا بیریان نەکردۆتەوە کە خوا ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوان ئەو دووانەدایە، تەنیا بە هەق و نەزم و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو خەڵقی کردوون و ئافراندوونی زۆری لە خەڵک پیان وا نییە کە لە ڕۆژی بەرێدا لەگەڵ خوا ڕووبەڕوو دەبن و حاشا لەوە دەکەن ﴿۸﴾ ئایا بەسەر زەویدا نەڕۆیشتوون (جیهانگەڕییان نەکردووە)، تا ببینن کە سەرەنجامی ئەوانەی بەر لەوان بوون چلۆنە؟ ئەوانە هێزێکی پتر لەمانیان هەبوو زەوییان کێڵا و ئاوەدانتریشیان کردەوە، پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگەکانی ڕوونەوە هاتنەلایان (بەڵام ئەوانە ئینکاریان کرد و سزای خۆیان دی)، جا خوا قەت غەدر لەوانە ناکا، بەڵام ئەوان خۆیان غەدریان لە خۆیان کردووە ﴿۹﴾ لە پاشان سەرەنجامی کەسانێ کە کاری بەدفەڕییان دەکرد، گەیشتە شوێنێ کە ئایاتی خوایان بە درۆ خستەوە و حەنەک و گەپ و گاڵتەیان پێکرد ﴿۱۰﴾ خوا بەدی هێنانی (مرۆڤ) دەسپێ ئەکا و لە پاشان دەیانگێڕێتەوە (دەیانمرێنێ)، لە پاشان ئێوە بۆ لای ئەو دەگەڕێندێنەوە ﴿۱۱﴾ ئەو ڕۆژە مرۆ زیندوو دەکرێنەوە تاوانباران کز و ماتن و دڕ دادەمێنن و متەقیان دەرنایێ و کڕوکپن ﴿۱۲﴾ ئەوشتانەی کردبوویانە هاوبەش بۆ خوا تکایان بۆ ناکەن و لەو شەریکانەش دەکەونە حاشا ﴿۱۳﴾ ڕۆژێ کە ڕۆژی پەسڵان و قیامەت دادێ (خەڵک) لە یەکتر جیا دەبنەوە ﴿۱۴﴾ جا ئەوانەی کە بڕوایان هێنابوو کاری چاکیان کردووە، لە باغچەی بەهەشتدا شاد و خۆشحاڵن ﴿۱۵﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەوانەی خودایشیان نەناسیوە و بە نیشاکانی ئێمە (خوا) و ڕووبەڕوو بوونی ڕۆژی بەرێ بێ باوەڕ بوون، دەیانهێنینە پێش بۆ ئازاردان ﴿١٦﴾ جا پەسنی خوا بلێن، لە کاتێکدا کە دەچنە نێو شەو و لەو دەمە کە ڕۆژ دەکەنەوە ﴿١٧﴾ سپاس تایبەتی ئەوە لە ئاسمانەکان و لە زەویدا و پەسن بۆ ئەوە لە کاتی شەودا و لە دەم و کاتی نێوەڕودا ﴿١٨﴾ (خوا) زیندوو لە مردوو دەردێنێ و مردوو لە زیندوو، زەویش دوای مەرگ گیانی وەبەر دێنێتەوە: بەمجۆرەش لە گۆڕ دەهێندرێنە دەرێ ﴿١٩﴾ لە نیشانەکانی ئەو ئەمەیە کە ئێوەی لە خاک ئافراندووە و دروسی کردووە، لە پاشان بوونە مرۆ و لەسەر زەوی بلاو بوونەوە ﴿٢٠﴾ لە نیشانەکانی ئەو ئەمەیە کە لە جنسی خۆتان بۆ ئێوە خێزانی خەلق کرد (ئاوجووت) تا لە پاڵ ئەواندا بحەسێنەوە و ئارام بگرن، خۆشەویستی و ئەوینی خستە نێوانتان، لەمەدا نیشانەگەلێک بۆ تاقمێ کە بیر دەکەنەوە هەیە ﴿٢١﴾ هەر لە نیشانەکانی ئەوە بەدیهێنانی ئەم ئاسمانان و زەوییە و وێکنەچوون و لە یەک نەچوون و جیاوازی زمانەکانی پێ ئاخافتنتان و ڕەنگ و ڕووتان، لەمەدا نیشانەگەلێک بۆ زانایان هەیە ﴿٢٢﴾ لە نیشانەکانی ئەوە خەوتنی ئێوە بە شەو و ڕۆژ و گەڕانتان بۆ دەس‌خستنی ڕسق و ڕۆزی کە هەر لە سایەی خوایە، لەمەدا نیشانەگەلێک هەیە بۆ تاقمێ کە گوێیان ژنەوایە ﴿٢٣﴾ لە نیشانەنەکانی ئەوە کە بەرق (و بریسکە)تان نیشان ئەدا کە هەم هۆی ترسە و هەم هۆی هیوایە (ترس لە هەورەبریسکە و هیوا بە بارینی باران) و لە ئاسمانەوە ئاوی (باران) دەنێرێ و دەبارێنێ کە زەوی دوای مردن بە هۆی ئەو بارانەوە دەبووژێنێتەوە، لەمەدا نیشانەگەلێک هەیە بۆ ئەوانەی کە ئەقڵی خۆیان دەخەنە کار ﴿٢٤﴾

لە نیشانەکانی ئەوە کە ئاسمان و زەوی بە فەرمانی ئەو ڕاوەستاون، لە پاشان کاتێ (لە ڕۆژی بەرێدا) لەم زەوییەوە هەرگا تەنیا یەکجار، بانگتان دەکەن، لە ناکاو هەمووتان لە گۆڕ دێنە دەرێ (لە دەشتی مەحشەر حازر دەبن) ﴿٢٥﴾ هەر تایبەتی ئەوە کر و سازدراوی خوایە؛ هەموو ئەوانەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدان، هەموو بۆ ئەو خۆ بەکەمزان و فەرمانبەرن ﴿٢٦﴾ هەر خۆی ئەو خەڵکە وەدیدێنێ، لە پاشان دەیگرێتەوە و ئەم کارە بۆ ئەو ئاسانترە، لە ئاسمانان و زەویدا نموونەی باشترین ئاکار لای خوایە، هەر ئەویشە فرە زانا و لەکارزان ﴿٢٧﴾ خوا مەسەلێکی لە خۆتان بۆ ئێوە هێناوەتەوە: ئایا (ئەگەر بەندەیەکتان بووبێ) ئەم مەملووکانەتان قەت هاوبەشی ئێوە بوون لەو بژیو و ڕسق و ڕۆزییانەی کە بە ئێوەم دابوو، بە جۆرێ کە لەوەدا بەرانبەر بن؛ لەوان دەترسن کە بێئیجازە بە وێنەی سەربەخۆ خەرجی بکەن، هەروەکوو ترستان لە یەکتر هەیە، ئا بەمجۆرە خوا نیشانەکانی خۆی پوخت و پاراو بۆ کەسانێ کە ئەقڵی خۆیان دەخەنە کار بەیان و شی دەکاتەوە ﴿٢٨﴾ (نا) بەڵکوو خۆیان ئەوانەی ناحەقیان کردووە، بەدوای ئارەزووی بێزانست و بێ ئاگاداری کەوتوون، جاچ کەسێ ئەتوانێ ئەوانە کە خوا لاڕێی کردوون، ڕێنوێنی بکا، بۆ ئەوان یار و یاوەرێک نییە! ﴿٢٩﴾ تۆ هەر ڕوو لەم دینە پاکە بکە ئایینێکی بنەڕەتییە و لە سروشتا خوا مرۆی هەر بۆ یەکتاپەرستی بەدیهێناوە، ئافراندن و کاری خوایش گۆڕانی بەسەردا نایێ، هەر ئەمەیە دینی ڕاست و پتەو، بەڵام زۆربەی ئاپۆرەی خەڵک نازانن ﴿٣٠﴾ تۆبەکارانە بۆ لای خوا بگەڕێنەوە و لەو بترسن و نوێژ بکەن و لەوانە مەبن کە شەریکیان بۆ داناوە ﴿٣١﴾ (واتا:) لەوانە مەبن کە دینی خۆیان لەتلەت کرد و بوونە دەسە دەسە و هەر دەسەیێ بە بیر و باوەڕی خۆیان دڵیان خۆشە ﴿٣٢﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



هەردەمێ ئازارێ بگاتە مرۆڤ، هاوار بۆ پەروەرێنەریان دەبەن و دەگەڕێنەوە لای ئەو (تۆبە دەکەن)، لە پاشان هەردەمێ ڕەحمەتێ لە خۆی بەوان بچێژێ، لەناکاو تاقمێ لەوانە هاوبەش بۆ پەروەرێنەریان دائەنێن ﴿٣٣﴾ جا با نیعمەتگەلێ کە ئێمە بەوانمان داوە، ئینکاری بکەن و داپۆشن و (لە نیعمەتی دنیا هەرچی دەتوانن) لەزەت ببەن و باش ڕابوێرن، جا بە زوویی دەزانن (کە ئاکامی ئەم حاشا لێکردنە چلۆن دەبێ) ﴿٣٤﴾ یا ئەوەی بەڵگەیەکمان بۆ ناردوون کە لەبارەی ئەوشتانەی ئەوان دەیکەنە شەریکم، قسە دەکا؟ ﴿٣٥﴾ هەرکاتێ ڕەحمەتێ بە مرۆڤ بچێژین شاد ئەبن و هەردەمێ دەرد و ئازارێکیان لەبەر کردەوەی خراپیان پێ بگا، لەناکاو بێ‌هیوا و هیوابڕ دەبن ﴿٣٦﴾ ئایا نەیانزانی کە خوا ڕسق و ڕۆزی بۆ هەرکەس کە بیەوێ زیاد یا کەم دەکا، لەمەدا نیشانەگەلێ هەیە بۆ هۆزێ کە بڕوا دێنن ﴿٣٧﴾ جا کەوایە ماف و بەشی نێزیکان و هەژاران و لەڕێگا ماوان بدە، ئەمە بۆ ئەوانەی کە ڕەزای خوایان دەوێ باشترە، ئەم جۆرە کەسانە ڕزگارن ﴿٣٨﴾ ئەوەی بە ناوی ڕیبا (سوود) دەیدەن تا لە ماڵی خەڵک زیاد بێ، لای خوا هیچ زیاد ناکا (و بێ‌بەرەکەتە)، (بەڵام) ئەوەی بە ناوی زەکات لە ڕێگای خوا ئەیدەن و دەتانەوێ خودا لە خۆتان ڕازی بکەن، فرەترتان پێ دەگاتەوە؛ (هەروەکوو دیارە پاچڤەی ئەم پاژە تۆزێ ئازادە و دوور لە لەفزە: هۆی ئەمەیش ئیلتیفاتێکە، لە ئایەتەکەدا هەیە و ئیلتیفاتیش، هەروەکوو لە زمانی عەرەبیدا هەیە لە زمانی کوردیدا نییە.) ﴿٣٩﴾ خوا زاتێکە ئێوەی دروس کرد و جا ڕسق و ڕۆزی پێ‌داون، لە پاشان دەتانمرێنی و ئەوسا زیندووتان دەکاتەوە، ئایا هیچ یەک لەو هاوبەشانە کە بۆ خواتان دائەنا، شتێ لەم جۆرە کارانەیان لە دەس‌دێ، خوا پاک و بەرز و بەرییە لەوەی دەیکەنە هاوبەشی ﴿٤٠﴾ خراپە و گەندەکاری لە وشکانی و بەژ و زەریادا لەبەر کارگەلێ کە خەڵک ئەنجامیان داوە ئاشکرا بووە، خوا دەیەوێ سزای هەندێ لە کردەوەی ئەوانە بەوان بچێژێنێ، بەڵکوو (بۆ لای هەق) بگەڕێنەوە ﴿٤١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بڵێ: بە زەویدا بگەڕێن، جا بنوارن کە سەرەنجامی کەسانێ کە لەبەرا بوون چییان بەسەر هات کە زۆربەیان شەریکیان بۆ خوا دانابوو ﴿٤٢﴾ دەسا ڕوو بکە ئەو دینە پایەدارە، بەر لەو ڕۆژەی کە خوا بڕیاری داوە و هەر وەدیدێ، لەو ڕۆژەدا بڵاوەی دەکەن ﴿٤٣﴾ هەرکەس حاشای لە خوا کردبێ بە زیانی خۆیەتی، ئەوانەی کاری چاکیان کردووە (پاداشی خوا) بۆ خۆیان ئامادە دەکەن ﴿٤٤﴾ تا کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە لە چاکەی خۆی پاداشیان بداتێ، خوا ناشکوریکارانی خۆش ناوێ ﴿٤٥﴾ لە نیشانەکانی ئەو ئەمەیە کە بای مزگێنیدەر دەنێرێ تا بەزەیی و ڕەحمەتی خۆی بە ئێوە بچێژێنێ تا گەمییەکان بە فەرمانی ئەو بڕۆن و ڕسق و ڕۆزی لەو بخوازن تا بەڵکوو شوکرانەبژێر بن ﴿٤٦﴾ بەر لە تۆیش پێغەمبەرانێکمان بۆ لای هۆزەکانیان ناردووە، جا بەڵگەی ڕوونیان بۆ هێنان (بەڵام پەندی ئەوان سوودی بۆیان نەبووە، جا لەوانەی تاوانیان کردبوو تۆڵەمان لێسەندنەوە (و یارمەتی بڕوادارانیشمان دا)، یارمەتیدانی بڕواداران مافێکە لەسەرمان ﴿٤٧﴾ خوا زاتێکە با دەنێرێ تا هەورگەلێ بێنێتە بزواندن، جا لە هەوادا هەر جۆر کە بیەوێ پان و بڵاویان دەکاتەوە گەواڵ گەواڵیشیان دەکا، جا لەوەدەمەیدا دەنکەدەنکەی باران دەبینی کە لە لابەلای ئەو (هەور)ە دێتە دەرێ، جا هەرکاتێ بۆ هەرکەسێ لە بەندەکانی (یا بۆ هەر شوێنێ) کە بیەوێ ئەو (بارانە ژیان هێنەرەی) پێ دەگەیێنێ، جا شاد ئەبن ﴿٤٨﴾ ئەگەرچی بەر لەوەی بارانیان بەسەردا بباریێ، بێهیوا بوون ﴿٤٩﴾ جا بنوارە شوێنەوارانی ڕەحمەتی خوا کە چلۆن زەوی دوای مردن و شیاوی لە دەسدانی ڕوەک زیندوو دەکاتەوە، ئەو خوایە زیندووکەرەوەی مردووانیشە و هەر ئەویشە دەسەڵاتدار بەسەر هەموو شتێکدا ﴿٥٠﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



خۆ ئەگەر بایەک بنێرین (داغ و سووتێنەر) و لە سوێنگەی ئەو بایە باغ و کشتوکاڵیان سیس و زەرد هەڵگەڕێ بە شوێنیدا گازندە و ناشکوری دەکەن ﴿۵۱﴾ تۆ ناتوانی بە مردوو بژنەوێنی و دەنگی خۆت بە کەڕ ببیسێنی، کاتێ کە رووەدەسووڕێتن و پشت دەکەنەوە ﴿۵۲﴾ تۆ رێنیشاندەری نابینایانی تا لە گومڕایی بیانگێڕیەوە، تۆ ناتوانی بژنەوێنی مەگەر بە کەسانێ کە بە نیشانەکانی ئێمە بڕوا بێنن، جا لە ڕاست هەقدا خۆ بە دەسەوەدەر بن ﴿۵۳﴾ خوا کە ئێوەی دروس کرد لە سەرەتادا بێهێز بوون، جا پاش بێهێزی بەگوڕ و بەهێزی خستن، لە پاشانا هێز و گوڕی لێ‌ساندن و پیری کردن، ئەو هەرچی بیەوێ خەڵقی دەکا و دەیئافرێنێ و هەر ئەویشە زانا و بەهێز ﴿۵۴﴾ رۆژێ کە قیامەت و رۆژی بەرێ دادێ تاوانباران سوێند دەخۆن (لە دنیا و بەرزەخدا) زیاد لە (کاوینگ) سەعاتێکیان پێ‌نەچووە، ئابەم‌جۆرە لە پێشدا درۆیان دەکرد ﴿۵۵﴾ کەسانێ کە زانست و بڕوایان پێ‌دراوە، وتیان: ئێوە بەوجۆرەی کە لە کتێبی خوادا نووسراوە تا رۆژی قیامەت لە بەرزەخدا مانەوە، جا ئەمە رۆژی بەرێیە، بەڵام ئێوە نەتاندەزانی ﴿۵۶﴾ جا لەو رۆژەدا بیانوو هێنانەوەی ستەمکاران سوودیان پێ‌ناگەیێنێ و رەزای خوایان بۆ ناخوازرێ (تۆبەشیان لێ‌قەبووڵ ناکرێ) ﴿۵۷﴾ ئێمە لەم قورئانەدا هەموو جۆرە نەزیلە و مەسەلێکمان بۆ بەرەی مرۆڤ هێناوە، ئەگەر نیشانەیەکیان بۆ بێنی، خوانەناسەکان دەڵێن، ئێوە لە قسەی پووچ بەولاوە چی‌ترتان نییە (و جادووە) ﴿۵۸﴾ ئابەم‌جۆرە خوا مۆر لە دڵ و دەروونی کەسانێ ئەدا کە بێ‌ئاگان و نایانەوێ بزانن ﴿۵۹﴾ خۆ ڕاگرە و تابشت بێنە، بەڵێنی خوا هەقە و دێتە جێ، نەکا کەسانێ کە بە پلەی بڕوای یەقینی نەگەیشتوون و بەگومان و دوودڵ و درۆزنن، تۆ قەڵس بکەن و بە سووکت بزانن (و لە جێی خۆت بتبزوێنن) ﴿۶۰﴾



Dr. Saleh Ebrahimi